دوا وادەی وەرگرتنی لیستی کاندیدەکانی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق دیاریکرا

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق دوا وادەی وەرگرتنی لیستی کاندیدەکانی دیاریکرد و دەڵێت، تا کۆتایی هێڵی دەوامی فەرمی لە 24ی حوزەیرانی 2025 لیستی کاندیدەکان وەردەگرن.

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ئەمڕۆ شەممەیە لە ڕاگەیەندراوێکدا باسی لەوەکردوە، "دوا وادە بۆ وەرگرتنی لیستی کاندیدەکان بۆ لیستە کراوە و تاککەسییەکان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بۆ ساڵی 2025 لە سبەینێ یەکشەممە 25ی ئایارەوە تا کۆتایی هێڵی دەوامی فەرمی لە 24ی حوزەیرانی 2025 دەبێت".

بڕیارەکە ناوەڕاستی مانگی 11ی ئەمساڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بەڕاوەبچێت و بۆ ئەو مەبەستەش کۆمیسیۆن ئامادەکارییەکانی دەستپێکردوە.